# بۆ زامەکانی هەڵەبجە...

نووسینی: عەبدوڵڵا تاهیر – سلێمانی

سەرەتا زۆر دوو دڵ بووم لە نووسین و باس کردن لە مەزنترین موسیبەتێك کە بەسەر ئەم شارە شەهیدەی هەڵەبجەدا هاتووە، دوو دڵیەکەشم لەوەوە نەبوو کە شەرم بمگرێت یان بترسم ، چونکە ئەمزانی ووشەکان زۆر بچووکترن لە ئاست ئەو موسیبەت و میحنەت و نەگبەتی و ژانەی کە لە رابوردو و ئێستادا بەسەریدا هاتووە ..چیرۆك و بەسەرهاتی ئەم شارە عەجایبە ، خەمۆکی یە ، رووداوەکانی بەو بۆردوومانە کیمیاویە دڕندەیە دەستی پێکرد کە تیایدا هەزاران شەهید بوون و زیاد لەوەش ئاوارە... ستەمەکە روویدا ، ستەملێکراوانیش بەسەرەنجامێکی تراجیدی کۆتاییان پێ هات ، کە هێشتا برینەکانیان سوێدارە و خانوو و تەلارەکانیش هیچی لیَ نەماوەتەوە جگە لە چەند کۆمەڵە بەرد وخۆڵێك نەبێت ، تەنانەت شیشی سەقفەکانیشیان هەر بەدەرەوەن ..دانیشتوانەکشی لە هەر رێگایەکەوە برۆن تا ئێستاش چاو بە ستەمداهەڵدێنن ، تەنها وێرانە و کاولکاری لە هەموو بستێکی ئەم شارە زامدارە هەست پێدەکەن، کەچی نەدەستیان دەجوڵێنن ، نە زمانیان ئەچەرخێنن، نەقەڵەم بەکاغەزدا ئەهێنن ، لەتواناشیاندایە ، بۆ ..؟؟ ئاخر بۆ ..؟؟ئەم پرسیارە ئەبێ جەرگ سووتاوەکان ، خاوەن مافەکان ، بنەماڵەی شەهیدەکان ، ئاوارەکان ،بیخەنە سەر مێزی گفتوو گۆ ..

بەڕای من چەند هۆیەك هەیە کە بێ دەنگن : لەوانەش هەستی بەرز و گیانی بەهێزی کۆمەڵایەتی یان ، سۆزی نەتەوەیەتیان ، لەم ساتە ناوەختە ناسکەدا کە مێژووی گەلەکەمان پیا گوزەر دەکات ، هەتاکو کەس تۆمەتباریان نەکات بەخیانەت ، یان بە رێگری لە گەیشتن بەوەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانمان ..!!

هەڵەبجە تا ئێستاش بەبێدەنگی و ئارامیەوە، ئازار و ئەشکەنجە ئەکێشێ ، ، بەڵام جگە لە خوای گەورە ، ئامادە نی یە سەر بۆ کەس دانەوێنێ، ئەو نرخەکەی ئەدات و خەڵکی تر بەرووبوومەکەی ئەخۆن ، بەڵام سەیر لەوەدایە چی بەسەرهاتووە لەکارەساتی گورچکبڕ و دڵتەزێن هەندێکی کەمی گەیشتۆتە گوێ ی جیهان یان لەوانەیە گوێ ی خۆیان لێ خەواندبێ ...

قڕو قەپێکی سامناك ئەبینین لەهەردوو گۆڕەپانی عەرەبی و رۆژئاوادا ،لەئاست کوشتنی هاووڵاتیانی مەدەنی بێ تاوان و وێران کردنی خانوو ومزگەوت و ئاوارەکردنی هەزاران ، بۆیە هاوارم لێ بەرز بووەتەوە ، بۆچی بەتایبەتی هەڵەبجە بەم وەحشیگەریە وێران بکرێت ، کەچی رۆژهەڵات و رۆژ ئاوا لە ئاست ئەم جینۆسایدەدا کە خوێن مژان کردیان ، بێدەنگن !!.. ئەمە تاوانێکە سزای شیاوی نی یە لە دوونیادا ، بۆیە داواکارین لە خوا لە رۆژی قیامەتدا تۆڵەیان لێ بسێنێ ( و لا تحسبن الله غافلا عما یعمل الڤالمون ، انما یؤخرهم لیوم تشخص فیه الابصار )..

زۆر جێ ی خۆیەتی لەم یادەدا و لەهەڵەبجەی شەهیدیدا دادگایی ئەو دەستە ناپاکانە بکرێت ، دادگایی تاوانبارانی بۆردوومانی کیمیاوی ، پسپۆڕانی هونەری تاوان ، ئەوانەی رقێکی شاراوە لەناخیاندایە ،بۆ مرۆڤایەتی و نیشتمان وگەلەکەیان ، هەتا وایان لێهاتووە کە تاوانکاری بووەتە سروشتە وەحشیەکەیان و دیاردە حیزبیەکەیان و ئاکارە سیاسیەکانیان ، ئەوان پەیمانیان داوە بەئاغاکانیان ، کە دژایەتی ئیسلام و موسڵمانان بکەن هەتا دوایین ساتی فەرمانڕوایی فیرعەونییان ..بەسەرهاتی هەڵەبجە بڕی کینە و دڕندایەتی و وەحشیگەری و دوژمنایەتی ناو دەروونیان دەردەخات لە سەددامیە تاوانبارەکان ، دەرحەق بەگەل و ووڵات و دینەکەیان ..بەڵێ ئەمە ئاواتی هەموو هەڵەبجەییەکە ، کە چاوەڕوانی ئەو کاتانە دەکەن کە تیایدا تاکڕەوە کان ، سەرکردەکان ، ملهوڕ و خوێنمژەکان سەربەروە وخواربن ، دەزگاکانی چەوساندنەوە و ترساندن ، کۆتاییان پێ بێت ، ئەوەی لەبن بەڕەیە بخرێتە سەر بەڕە ، راستیە شاراوەکان ئاشکرا بکرێن ، نهێنە راستەکان بخرێنە سەرەوە و بێ هیچ دەستکارییەك ئاشکرا بکرێن ..

بەڵێ کاتی ئەوە هاتووە نهێنی و راستیەکانی ئەم تاوانە گوماناویە ئاشکرا بکرێن ، بەتایبەتی کە ئێستا پاڵەوانە درۆینەکانی زیندانی و دەستبەسەرن لای ئاغا کۆنەکانیان ، ئەو کۆمەڵە خائین و بۆگەنەی کەهیچ رێسا و یاسایەك نەبوو کۆیان بکاتەوە ، خراپە نەبێت ، ئەوان هەموو حەرامێکیان حەڵاڵ کردبوو ، ئەوانە لە راستیدا دڕندەترین وەحشی بوون و لەنزمترین پلەکانی مرۆڤایەتیدا ئەژیان ..

ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە پەردە لابدرێ لەسەر رووی راستیە شاراوەکان ، دووایین هاندەر و نهێنی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە و هۆکارە شاراوەکانی ئاشکرا بکرێن ، گەرەکە هەوڵێکی دڵسۆزانە بدرێت بۆ زانینی هۆکارە راستەقینەکان و سەرەداوی ئەم پیلانە لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی بدۆزرێتەوە، چونکە ئێمە زۆر راستی شاراوە هەیە نایزانین و پەی پێ نابەین ، لەوانەشە چەندین سەرەداو هەبێت کەبەخەیاڵی کەسدا نەیەت ، بۆ یە زۆر بە گەرمی داوادەکەین رەگ و ریشە و نەخشەی ئەم کارە دووژمنایەتیە ئاشکرا بکرێت ، بادەمامکە تەزویرەکان لەسەر رووە دزیۆەکان لابدرێت ... لەوانەشە جگە لەو راستی یەی کە ئەم شارە دیندارە و باجی دینداریەکەی ئەدات ، راستی تر هەبن کە لەپشت ئەوەوە بێت ئەم شارە بدرێتە بەر بۆمب و موشەکی ژاراوی و کیمیاوی ..ئەم شارە وەکو زانراوە لای هەموان تا ئێستاش گرنگترین سەنتەری چالاکی ئیسلامیی یە نەك لە ناوچەکەدا ، بەڵکو لەسەر تا سەری عێراقیشدا .. کە ئەمەش ئەڵێم دڵنیام لەوەی هێزەکانی شەڕ و خراپە گەلەکۆمەیان کرد دژی ئەم شارە ، دەست لەناودەست بوون بۆ وێران کردن و کوشتن و ئاوارەکردنی دانیشتوانەکەی ، بەڵێ کۆبوونەوە و پێکهاتن لەسەر ئەم تاوانە ، لەکاتێکدا لەسەر هیچ شتێکی تر هێندە کۆك و تەبا نەبوون ، بۆیە پڕ بە

گەرووم هاوار دەکەم لە قوڵایی دڵمەوە ئەڵێم : ئەم شارە شەهیدە کارەساتی گەورەی بەسەردا هاتووە ، برینەکانی قوڵن و تا ئێستاش خوێن لەبەری دەڕوات ...

لەراستیدا مێژووی ئەم قەسابخانەیە بووە تۆمارێکی رەش بوٚتێکدەرانی عێراق ، بۆیە پێویستە ئەم مێژووە لەیادماندا بێت ، چونکە کارەساتێکی پشت شکێنی ناوازەی ئەم چەرخەیە ، گەرەکە خاوەن پێنووسە ئەمینەکان ، خاوەن بیر و را و هزرە دروستەکان بەدوای رووداوەکانی ئەم رۆژەدا بچن و تەم و مژەکانی برەوێننەوە و بۆ نەوەکانی داهاتووی بگێڕنەوە، تا بزانن کەس و کارو باپیرانیان بە چ دەردێ چوون..!! تا نەوەکانی داهاتوو قەدری ئەو ئازادیە بزانن کە تیایدا دەژین ، بۆیە رووداوەکان ئەبێت وەکو خۆی بگێڕینەوە ،لاپەڕە خۆیناویەکان وەکو خۆی وێنا بکرێن، ئەمەش ئەرکی کاراکانی بواری راگەیاندن و مێژو نوسانە ، بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەستن ، هەم بەرچاو روونی بدەن بەخەڵکی هەم یادیان بخەنەوە ، ئەبیٚ بەڵگە نامە دروستەکان بخرێنە روو کە چۆن خەڵکی بەرێزی ئەم شارە جینۆساید کران، چۆن وویسترا دین و شناسنامەی ئیسلامییان پاکتاو بکرێت ، بۆیە کارەساتی هەڵەبجە ترسناکترین میحنەتە لە مێژووی کوردا کە روویدا بێت .. ئەمە یەکەمین کۆست نی یە، بەلاٚم دڕندەترین و مەترسیدار ترینە ، نەك تەنها بەوەی کە روویدا وبەس ، بەڵکو وەکو باسمان کرد لەبەر هەڵوێستی جیهان لەم کارەساتە بە گشتی ، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەم یادە بیٚ پەند و سوود گوزەر بکات ، مێژوو باسی ( ماشتە ) و (غەدری قابیل) دەکات ، با ئەمرۆش لاپەڕەیەك لەغەدری نەمرودی سەردەم دەرحەق بەهەڵەبجە بنووسێت ..

لەراستیدا ئێمە و نەتەوەکانی داهاتوومان زۆر ئاتاجی ئەم وانەو پەندانەین ، من کە ئەم قسەیە ئەکەم و لەهەمان کاتدا زۆریش ئازارم ئەدات ، هۆکەی ئەوەیە تا ئێستاش کاریگەری نەبووە لە رێنوێنی ژیانمان ، بەئاراستەی دروستی خۆیدا، کە ئەمەش ئەرکی سیاسەتوان و بەرپرس و بیرمەندانمانە،مەبەستمە خاوەن هیممەت و تواناکان وەخەبەربێنم ، تواناکانیان بتەقێنمەوە ، ریٚرۆشن کەن ، پلان بۆ ئایندەیەکی باشتر دانێن ، هەرچۆن گەلی یابان دوای کارەساتی هیرۆشیما و ناگازاکی کردیان ، یان ئەڵمانەکان راپەڕین دوای جەنگی دووەمی جیهان ، ئەم گەلانە چاویان خشاندەوە بە حساباتەکانیاندا، لە دۆڕان سەرکەوتنیان دروست کرد ، بە هێزێکی گەورەترەوە گەڕانەوە بۆ گۆڕەپانی ژیان ، ئەمرۆ هەست بەشتێکی تازەتر ئەکەن ، ئەوان پلانی نەخشە کێشراویان دانا بۆ ژیانی نوێیان ، رێگایەکی تری تازەیان گرتە بەر بۆ سەرلەنوێ هەڵسانەوە ، دەستیان دایە گەشەپێدان وداهێنان ونوێکردنەوە و گۆڕانکاری ، جیاوازی ئێمە و ئەوان زۆرە ، شێوازی ئەوان بوٚمامەڵە کردن لەگەڵ کارەساتەکاندا و شێوازی ئێمە بەرامبەر هەڵەبجە ، فەرقی ئاسمان و رێسمانە..ئەوان گەیشتنە لووتکەی زانست و گەشەکردن و پێشکەوتن و تەکنەلۆجیا و بەرهەم هێنان ، بەلاٚم ئێمە تەنها ووتار و ووشە شك دەبەین ، هەندێ قسەی سۆزدارانە دووپات دەکەینەوە ، قەسیدەی خەمناك دەنووسین ، سروودی حەماسی دەچڕین ، ئا بەم جۆرە ساڵان یادی کارەساتی هەڵەبجە دەکەینەوە ، بیٚ هیچ سوود و بەرهەمێك ... ئەوان ئاسمانیان پڕ کرد لەمانگی دەستکرد ئێمەش هەر ئاسمانمان بوٚهەڵەبجە زیاد کرد ... !!

ئەم جۆرە یادکردنەوە سەرپێیانە لەم سەردەمەدا بیٚ ئەرزشە ، ئێمە پێویستیمان بە نەمرکردنێکی کارا هەیە لە مۆدێلی ( ئەڵمانی و یابانی ) ، دانیشتوانی هەڵەبجە داواکارن لە سیاسەتوان وبەرپرس و سەرۆکەکان ، وەعدەکانیان جێ بەجیٚبکەن ، چونکە ئەوان جگە لە کۆبوونەوە و کۆنگرە و سیمینار و گەشتی تایبەتی و نهێنی و سەردانە مەکوکیەکانیان بۆ هەندەران بۆ کۆکردنەوەی باربۆ ، هیچی تریان نەکردووە ..؟؟

خەڵکی هەڵەبجە چی تر گوێ ناگرن بۆ قسەی رازاوە ، ئەوان بەشەوقەوەن بوٚزمانی واقیع و گۆڕەپان ، کورد ووتەنی ئەمە عەرز و ئەمەش گەز ،ئەوان گوێ ناگرن بۆقسەی سیاسیەکان یان گوزارشی راگەیاندنەکان ، بەسە تێر قسە بوون و ئێڵنجیان دێت ، ئەوان گوێ بیستی زمانی کردەوەی واقیعی و بەسود و بەرهەمدارن ، ئەوان گەرەکیانە بەر پرسەکان بیرێکی قوڵ بکەنەوە ، هەولێکی دڵسۆزانەی سەرەمر ، قسەی دروست و نیەتی چاکیان گەرەکە کە سەرەجام گوزەرانیان باشتر بکات ،هەڵەبجە ئاتاجی رێکخستنێکی نوێ و ووردە ، چاوە چاوی پلانێکی دروستن کە نەتوانرێت دەستبەرداری ببن ..

پێویستە میحنەتی هەڵەبجە ، ببێتە هاندەرێکی بەهێز بۆ چاکسازیەکی گشتگیرو تەواو لە بوارەکانی کۆمەلاٚیەتی و ئابوری و بنیاتنانەوەو رامیاری.. بەواتایەکی تر ئەڵمانیاو یابان میحنەتەکانی خۆیان نەکردە سەکۆیەك بۆ هاوارو فۆغانو دواخستنی چاکسازیە بنەڕەتیەکان،لەکاتێکدا ئێمە هەر بەچاوی سۆزدەگرین نەك بەچاوی ئاوەز یان یان هەرخەریکی هەڵڕشتنی فرمێسکی تیمساحاوین بیٚ هیچ سودێك

ئەمە هەندێك لەو ئامانجانەیە کە پێویستە چاوی تێبڕین لە زیندو ڕاگرتنی ئەم یادە خەمناکەدا، ئەگەرنا ئاهەنگەکان دەبنە چەند دیاردەیەکی درۆینەو هۆکارێکی بیٚ هودە بۆ بەنج کردنی میللەت و گێل کردنی ویژدان و کولاندنەوەی سەرلەنوێی زامەکان و هیچی تر.. بۆیە ئەڵێم مافخوازان لە هەڵەبجە داخوازی چارەسەرێکی ڕیشەیی و جیددین بۆ کێشەو خەمەکانیان کە چاوەڕوانییان ئیتر ئەوەندە درێژەی کێشا وایان لێهاتووە بە چاوێکی پڕ لە گومان و پشت گوێخستنی ئەنقەست و تەفسیرەوە بڕواننە دەسەلاٚتداران و سەرۆکی حیزبەکان ...

دانیشتوانی هەڵەبجە بڕیاریان داوە چی تر نەکەونە داوی سۆزە فریودەرەکان کە بە ئەنقەست زیان دەگەیەنێت بە کێشەکەیان ، چونکە ئەوان تائێستایش کە خوای گەورە ستەم کارەکەیانی ریسوا کردوە پێکی تالاٚو ئەنۆشن .

## یاد کرنەوەی کارەساتی هەڵەبجە

لەڕاستیدا سازکردنی ئاهەنگ لە بۆنە گشتی و تایبەتیەکاندا، نەریتێکی دێرینی میللەتانی سەر زەوییە ، ئەمەش وەك رێزلێنانێك و هۆکارێك بۆ دەربڕینی هەستو سۆز لە بەرامبەر کێشەو بۆنەکانیان ، بەو مانایەی زیندوو ڕاگرتنی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە داهێنراوێکی نوێ نیە ، بۆیە چەندین ساڵە وا

ڕاهاتوین کە بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ بگێڕین ، خۆم چەندین ساڵە ئامادەی ئەم ئاهەنگانە دەبم، گوێ ڕادێری زۆربەی ئەو ئاخافتنانە بوم کەوتراوە ، مرۆڤ زۆر بەدەگمەن شتی تازە دەبیستێت ، تەنانەت ئاهەنگەکان وەك ئاوازێکی مۆسیقان کە هەموو ساڵێك دوبارە دەبنەوە ..

بۆیە ئەمساڵ پێویستە تازەگەری هەبێت لە شێوازو ناوەڕۆکدا ، گەلی عێراقیش بە هەمو پێکهاتەکانیەوە ئەم زامو برینانەی هەڵەبجەیش بخاتە لیستی زامە بەسوێکانیەوە ..چونکە کێشەی هەڵەبجە بوو، جیهانی بەئاگا هێنا لەمەڕ کێشەی گەل و وڵاتێك وە تیشکی خستە سەر ئازارەکانی گەلێکی ستەم دیدە کە هیچ تاوانێکی نەبووە، ئەوە نەبێت ئینتیمای هەیە بۆ ئاین و شناسنامەی نەتەوەیی و پێگەی جوگرافی خۆی ..

ئەتوانین بڵێین کێشەی هەڵەبجە وەکو زەنگی ئاگادارکردنەوە بوو، بۆ سەرەتای کۆتایی دڕندەترین فەرمانڕەوای سەدەی بیست ، دوای بۆردومانەکە چەندین ساڵی وشك تێپەڕ بوو بە سەر ئەو ناوچەیەدا، دوای وێرانکردنی بووە هەرێمێکی دابڕێنراو و قەدەغەکراو لەلایەن دەستەیەکی کوێرو کۆمەڵێك بە کرێگیراوی تر ، کەبەزەییان بەهیچ کەسێکدا نەدەهاتەوە و سۆزو ڕەحمیان نەبو بەپیرو منداڵ و ژن و نەخۆشیشدا ...

بەڵێ ئەو ستەمکارانە ، زوڵمی وایان کردوە کە مرۆڤایەتی لە ئاستیاندا شەرمەزارە ، وادیارە قەدەری هەڵەبجە ئەوسایش و ئێستاش وابێت چارەنوسیان بکەوێتە دەستی کەسانێك کە هیچ مەبدەئێکیان نی یە ، تەنها خەمی ئەوەیانە ئارەزووەکانیان تێر بکەن وبکەونە دوای حەزەکانیان .. ئەرکی سەرەکییان ئەوەیە خۆیان دەوڵەمەند بکەن با مەردم هەژاریش بن ، خۆیان تێر بن ئیتر با هەژارانیش برسی بن ، ئەوان گەرەکە بەشداری گەل بن لە هەست و سۆزو خەمەکانیاندا ، بەڵام بەداخەوە لەواقیعی ئەواندا ناژین ، ئەوان بازرگانی کێشە چارەنوس سازەکانی میللەتەکانیان ، پێدەچێت کەسانی تر لە پشت پەردەوە بیانجوڵێنن ، بەزمانی غەیری خۆیان ئاخاوتن دەکەن و چۆن فەرمانیان بەسەردا دەکەن ئاوا بیر دەکەنەوە ،نمونەی ئەمانە لەمەترسیدا هاوشێوەی مەترسی دوژمنانە، بگرە زیاتریش ئەوانە سیاسەتی هەڵە پیادە دەکەن کە ئەوانیش بەنج کردنی گەلە بە وشە دروشمی بریندار و درۆینە ، پاشان لە تاریکایی دا دەستێکیان ئەکەوێتە ئەملاو دەستەکەی تریان ئەکەوێتە ئەولا و کەس نییە لایەك بکات بەلایانەوە ..پاشتر تۆوی فیتنە و دوبەرەکی دەوروژێنن و بەناوی حیزبایەتی و عێل و عەشرەتەوە تەفروتونایان دەکەن ، ئەمەش ئەو پەتا کوشندە بوو کە گیانی هەزاران لاوی بوونە قوربانی و هەزارانی تریش ملی ڕێگای هاتو نەهاتی هەندەرانیان گرتە بەر و پێکی تاڵی غوربەتیان نۆش کرد .

ئەگەر ئەمە واقیعەکەمانە ، ئاخۆ چۆن حاڵمان باشتر دەبێت ؟ بەرپرسان ئەبێ سڵ لەوە بکەنەوە کە مێژوو ئەم ڕاستیە تاڵ و دژوارانە تۆمار دەکات وە پێویست دەکات ئێمەش بێدەنگ نەبین و ئاشکرای بکەین ... ئەوان بۆیە بەرپرسن تاماڤی ژێر دەستەکانیان بدەن ، خۆتان چاك دەبینن خەڵی هەڵەبجە لە چ نەهامەتیەکدا ژیان دەگوزەرێنن، لەکاتێکدا هەموان بازرگانی بە کێشەکەیانەوە دەکەن ، خوێنی شەهیدان و کەسوکارە زیندوەکانیان بۆتە کاڵایەکی بەنرخ و بازرگانی پێوە دەکرێت ... وا حەڤدە ساڵ دەگوزەرێت و خوێن لەزامەکانی دەچۆڕێت ، هەرچەندە بەشێکی گرنگن لە مێژوی گەلێکی ماف خوراو ، بێ چارەسەر پشت گوێ خراون...

من باش دەزانم خەڵك بێزارو نیگەرانن لەم شێوازە تراجیدیەی کە یادی هەڵەبجەی پێدەکرێتەوە ، زمانی حاڵیان هاوار دەکات لەدەست جەور و ستەمی بەندەکان، هەڵەبجەییەکان ئاتاجی شتێکی ترن نەك قاڵە قاڵ ، دەنگیان نوسا گەرویان وشك بوو گوێیان ئاخنرا ئەوەندەیان هاوارکردو ئەوەندە وادەی درۆیان پێدرا ..

لەڕاستیدا برینەکانی هەڵەبجە سارێژ نابنەوە بە وشە و دروشمی بریقەدار با زۆر پاراویش بن ، مەوعیزەی دینیان ناوێت بازۆر مەزنیش بێت ، سرودی حەماسیان گەرەك نیە بازۆر سیاسیش بێت ، کەواتە چارەسەرێکی ڕیشەییمان پێویستە بۆ ئەم کارەساتە ......

من گلەیی خۆم ئاراستەی حیزب و دامەزراوە حکومیەکان دەکەم چونکە لەگەڵ ئەو هەمو سەروەت و سامانەی کە هەیە ... لەگەڵ سەروەتی بێ شوماری نەوت بەرامبەر خۆراك کەلەبەر دەستیاندا بوو کەچی هەموان دەسەو سانن ، ئەڵێ ی توشی شەلەل هاتون ، بە ئاشکرا پشتگوێ خستن دیاربوو ، هیچ کارابیەك هەست پێنە دەکرا لە ئاوەدان کرنەوەی هەڵەبجە یان چارەسەری کێشە هەمەلایەنەکانی ... خەڵکی هەڵەبجە وایان لێهاتووە چاوەڕوانی دەستی ڕێکخراوو دامەزراوە نێو دەوڵەتیەکانن بێن بە هاواریانەوە ...

من لەکاتێکدا ئەم چەند وشەیە دەنوسم ،چەندین خەیاڵات دێت بە هۆش و ویژدانما ، هەرچەندە من نە شاعیرم نەنوسەرم نە ئەدیبم ، بەڵام خوای گەورە شەرەفی پێداوم پێنوسە هەژارەکەم بخەمە کار و ئەم چەند ڕستەیە ڕێك بخەم ، سابەڵکو کەسانێك هەبن بیخوێننەوە و کەسانێکی تر هەبن گوێ ی لێبگرن و جێ ی ڕەزامەندیان بێت..

من دەنوسم وەك وەفایەك بۆ مرۆڤایەتی و نزیکیم لە خەڵکی هەڵەبجە ، هەروەکو بەئەرکی دین وبیرو باوەڕی خۆمی دەزانم ...

ئەگەڕێمەوە بۆ باسەکەم و ئەڵێم نە خەڵکی هەڵەبجە و نە نەشەهیدانی ئەو شارە پێویستیان بە هەڵپەرکێ و ئاهەنگ و سەما نیە .. ئەوان ئەوەیان دەوێت دڵی نەوەکانی داهاتویان تەڕو پاراو بێت لە خۆشەویستی ئیمان و نیشتیمان و گەلو شەهیدەکانیان ، یادی ئەو شەهیدانە ببێتە هاندەرێك پەندی لێوەربگرن و جەورو ستەمی ڕابردویان لە یاد نەچێت..

با ئێمە گوزەرانێکی وەهایان بۆ دابین بکەین کە بەرابەر بێت بە گەورەیی ئەو کۆستە ...

بائاهەنگ و ژاوە ژاوەکان ڕابگرین بۆ ئەوەی سەرەتای ڤۆناغێکی نوێ لە گۆڕانکاری راستەقینە بێتە کایەوە ...

باخەڵکی هەڵەبجە پەردەی بێدەنگی بدڕێنن و لە ئاست کێشەو قەیرانە جۆراو جۆرەکانیانا بێ هەڵوێست نەبن ...

**باكردارو گوتارمان دەست لەملان و هاوسەنگ بن ..**

**با هەمومان هەست بە بەرپرسیاریەتی مێژویی بکەین لەبەرامبەر کێشەی هەڵەبجە ...**

**با هەمومان دان بەوەدا بنێین قەرزاری هەڵەبجە و کێشە ڕەواکەی ئەوین...**

**عەبدوڵلا تاهیر - سلێمانی**